چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

کتاب: بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر: عبدولرەحمان عالم وەرگێڕ: ئەمیری حاجی موحەمەد بەشی: نۆیەم

پاشماوەی هۆکارە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی

٢ـ خوێندنگا:

خوێندنگاش کاریگەرگەلێکی شاراوەو ئاشکرای هەیە. پەروەردەو فێرکردن لەکۆلیجێك یان زانکۆیەکی تا بەتدا چوارچێوەیەکی زەینی تایبەت پێك دێنێ، گەرچی دەگمەنو جووداش هەیە. جاروبارێ دامەزراوە فێرکارییەکان بەم مەبەستە دروست دەکرێن کە هەڵوێستو ئامانجێکی تایبەت لەنێو خویندنکاراندا بڵاوبکەنەوە. بە باوەڕی (ئالمۆند) خوێندکارانی وریاو ئاگادار لەکاریگەری حکومەت لەسەر ژیانیان زیاتر رووەو سیاسەت دەبنەوە، دەربارەی ڕەوتی سیاسی زانیاری پێشتریان هەیەو لیاقەتو شایستەی باڵاتری لەخۆیاندا پیشان دەدەن. خوێندنگاکان لەشێوە وەرگرتنی هەڵوێستەکانی سەر بەدەستوورە نەنووسراوەکانی یاری سیاسی رۆڵی گرنگیان هەیە. لەکاتێکدا کە سیستەمی فێرکاری گاریگەری گرنگی لەسەر رەوتی کۆمەڵگە قبوڵ کردن هەیە، بەڵام لەوانەیە بەهاگەلێك کەخوێندنگاو زانکۆکان هەیانە دەرئەنجامی فێرکردنی سیاسی دەق نەبێت.(لیپست) یش لەوباوەردایە کەکاریگەری زانکۆ لەسەر بەها سیاسییەکان ئاڵۆزەو ڕەنگە دەوروبەری بەتەواوەتی زانیاری سیاسی پێشتر بکات، بێئەوەی لەسەر هەڵوێستە سەرەکیو مەزنەکان کاریگەری هەبێت. هەموو ئەم بۆچوونەیان هەیە کەخوێندنگاش هۆکاری گرنگی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسییە.

٣ـ گروپە هاوتاکان:

گروپە هاوتا، یان دڵبەندبووەکان (همتایا دلبستە)، کاریگەری زۆرتری لە خوێندنگاو زانکۆکان هەیە. ئەزموونەکانی تاکەکان لەنێو دۆستەکانیان بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری تەواو لەهەڵوێستە زەینیەکانیان کارێکی بنەڕەتییە. لەئەنجامی وەهاکاریگەرییەك، هەڵوێستی دژانەو بزێوی (پڕخاشگر) لەوانەیە بەئاسانی بگۆڕدرێ بەهەڵوێستی هاوکاری، یان بەپێچەوانەوە. (جێمز کۆڵمن) (GACol eman) باوەڕی وایە کەلەکۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی وەك ئەمریکاو سوید، کاریگەری کرداری کۆمەڵگە قبوڵ کردنی باوك و دایك و مامۆستایان لەسەر منداڵان کە لەهەڕەتی گەنجی دان بەرەو نوشست رووی هێناوەو لەبەرانبەردا گروپە هاوتاکان کاریگەری گرنگیان لەسەر هەڵوێستو رەفتارە سیاسییەکان بەجێهێشتووە. چەند توێژینەوە دەربارەی رەفتاری سیاسی دەنگدان پیشانی داوە کە لەلایەنی سیاسییەوە، هاوتاترین گروپە ئەمریکاییەکان ژن و شووەکانن، لەدوای ئەوە دۆستەکانو پاشان گروپە کاریەکانە. زیاتر لەباوك و دایك و مامۆستایان، زۆربەی خەڵك پێشترین بەشی ژیانیان لەگەڵ گروپە هاوتاکاندا دەبەنە سەرو لەگەڵ کەسانێکدا هاوڕێی دەکەن لەدەرەوەی خێزانن چونکە هاوتەمەنو شوێنو مەوقعیەت، مەسەلەو پەیوەندی لێك چویان پێکەوە هەیە. بۆیە دەتوانرێ لەم بارەیەوە بلێین کە گروپە هاوتاکان یان گروپە سەرچاوەکان و دڵبەندبوان، رۆڵی گرنگیان لەرەوتی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسیدا هەیە.

٤ـشوێنی کار:

ئەزموونەکانی شوێنی کارکردنیش گرنگە، شێوەی ڕەفتاری خاوەن کار لەگەڵ کرێکاراندا، دیدو دادوەرییەك سەبارەت بە سروشتی ئادەمیزاد لەئەواندا پەروەردە دەبێت. منداڵێ کە لەناو خێزانێکی دیموکراسیدا گەورەبووبێ، ئەگەر رەفتاری خاوەن کار لەگەڵیا بێ شەڕەفانەو لەڕووی بێ ئەخلاقییەوە بێت، تووڕەیی و غەزەب بەرانبەر بەو خاوەن کارە پیشان دەدات. ئەو رای وایە کە بەشداریکردنی بە کۆمەڵ ڕەوتی چەقاوەسۆنی (چانەزنی) یا بەشداربوون لەمانگرتن کرداری کۆمەڵگە قبوڵ کردنی هەردووی کرێکار و خاوەن کار بە هێزتر دەکات. کرێکارانی مانگرتوو نە تەنیا تێدەگەن کە دەتوانن لەسەر بڕیاردانی دەسەڵاتداران سەبارەت بەداهاتووی خۆیان کاریگەرن بەڵکو لەتوانایەکانی هەڵسان بەکاری تایبەت، یانی خۆپێشاندانو مانگرتن، کە دەتوانرێ لەبەشداریکردنی سیاسیدا بە کاری بهێنن ئاگادار دەبن.

٥ـ میدیاکان:

سیستەمی کۆنترۆل بووی میدیاکان رۆڵی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی هەیە. میدیاکان لەبەدیهێنانی یەکبوونو هاوهەنگی بۆچوونەکانی تاکەکان دەربارەی رژێمی سیاسی دەتوانێ گرنگیەکی تایبەتی هەبێتو لەبەر ئەمە ((نەخشەی ناسنامە))ی بنچینەیی تاکەکان شێوەدەدەن. بە گوتەی:(هۆستن رانی)، لەهەموو وڵاتانی خاوەن تەکنەلۆژی پەیوەندییە گشتیەکان، میدیاکان لەشێوازدانی ئاراستە بنەڕەتیەکانو هزرە تایبەتییەکانی خەڵکانی پێشوو رۆڵی راستەخۆیان هەیە. (لۆسین پای)، جەخت دەکات کە میدیاکان شیاوترین شێوازە بۆ کۆمەڵگە قبوڵ کردنو هۆکاری بڕندەی نوێ سازی دەژمێردرێ.

٦ـ حکومەتو کارگوزارییە حزبیەکان:

پەیوەندی راستەوخۆی فەرمی یان نا فەرمی لەگەڵ نوخبەکانی رژێمی سیاسیدا هێزێکی پڕ لەتوانایی بەدی دێنێ کە یەکێ لەگرنگترین هۆکارەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی دروست دەکات. حزبە سیاسییەکان لەگەڵ پروپاگەندەی سیاسی، خەباتو چالاکیەکانی هەڵبژاردن، روخستنی رو پیشاندانی بیردۆزە سیاسیەکان بەشێوەی نووسراو یان زارەکیو دیاریکردنی قازانجە سیاسییەکان، رۆڵی هۆکاری راستەوخۆی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی یاری دەکەن.

دوابەدوای کورتە ئاماژەیەك بە هۆکارەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی، دەتوانرێ بەئەنجام بگیرێت کە هەموو خەڵك کەم و زیاد ئەزمونەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردن پیشان دەدەن.

رەوتی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسیش گشتگیرە، بەو مانایە کە هەموو دیاردەکان دەگرێتەوە کە تەنانەت دوراو دوور لەگەڵ فێرکاری سیاسیشدا هاوشانەو دەرئەنجامەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی بەیەکەوە بەستراونو کردارو دژە کرداره (کنشو واکنسی). کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی رەوتێکی بەرەو پێش چووەو لەبناغەدا لەفێرکراوەکانی کۆمەڵایەتیو رەوتی فێرکاری پەیڕەوی دەکاتو لەم رەوتە تەنیا ئەو رەگەزانە وەردەگرێ کە لەگەڵ ئامانجو بەها سیاسییەکاندا پەیوەندیو نزیکی هەیە.(ئەلمۆندۆ پاوڵ) لەگەڵ جەخت کردنەوەیان لەسەر رۆڵی کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی لەرژێمی سیاسی یەك وڵاتدا، بە دروستی بەبیردێننەوە کە:

((وا دێتە بەرچاو کە لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگە قبوڵ کردنی سیاسی یەکێ لەباشترین رێبازەکانە بۆ ناسینی جێگیریو ئارامیو پەرەسەندن)). گرنگی تایبەتیشی لەجیهانی نوێدا، دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەیە کە لەسەر رۆبەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا کاریگەری هەیە.

٨ـ پەرەسەندنی سیاسی:

چەمکی پەرەسەندنی سیاسی کە یەکەم جار سیاسەتمەدارانو سیاسەت سازان لەبارەیەوە قسەیان کردووەو پاشان ئابووری زانان، کۆمەڵگە ناسانو توێژەرەوانی سیاسی پێوە خەریك بوون، لەمەیدانی سیاسەتو زانستی سیاسەتیشدا جێگای گرنگی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، ((هێشتا ئەم زاراوەیە نا ڕوونو تەماویە)).

ناسینی چەمکی پەرەسەندنی سیاسی پێویستی بەباسو لێکۆڵینەوەی فراوان هەیە کە لەمەجالی ئەم کتێبەدانییە. لێرەدا تەنیا بە کورتە ئاماژەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی پەرەسەندنی سیاسی قەناعەت دەکەین.

پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی نەتەوایەتی پاش زەمانی ئیستیعمار لەئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتین، بەڕەوتێکی زۆر خێرای گۆڕانکاریەکان بارودۆخەکە پیشانداو لەم رێگایەشەوە نەوەی نوێی زانایانی سیاسەتی هاندا تا بە ئامرازەکانی بەدواداچوونەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی دووبارە چاوپێدابخشێننەوە. نەوەی نوێی سیاسەت ناسان دۆزیانەوە کە سەرەڕای هەبوونی زەمینەی کۆمەڵایەتی ئابووری کەلتوری بەجێماوی سەدەکانی پێشوو کاریگەری لەسەر شێوە کارکردنیان، دەتوانن رەوتە سیاسییە غەیرە رۆژئاواییەکانیش، گەرچی جیاوازیشی لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە رۆژئاواییەکانیشدا هەیە بەشێوەی سەرکەوتوانە توێژنەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. خودی ئەم راستیە کە رەوتە نارۆژئاواییەکان لەرەوتە سیاسییە رۆژئاوایەکان، کە ریشەیان لەزەمینەی کەلتوری جیاوازی رابردوودا هەبووەو لەوێوە گەشەیان کردووە، جیاوازییان هەیە((ئەوانەی هاندا کە لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بەرەو گشت بنەماکانی کەلتوریو مێژوویی دەوڵەتانی بەرەو پێشکەوتن پەرەپێبدەن)). ئاکام ئەمەبوو کە رێبازی تازەی لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسەت وەها بەرفراوان بوو کە سەرەڕای شیکردنەوەی دامەزراوەکانو پێکهاتە سیاسییەکان، بەشێکی گەورەی (ئیکۆلۆجیك)یش (بوم شناختی) بەخۆیەوە بگرێ.

بەو جۆرەی کە باس کرا، زارەوەی ((پەرەسەندنی سیاسی)) پێناسەی وردو دیاری کراوی نییە. بەڵگەی ئەوەش دەبێ لەتوێژینەوەی فراوان بەدوایدا بگەڕێین کە لەدیدی توێژینەوەکانی (گەشە) (نوێ سازی) (پەرەسەندن)ی دەوڵەتە نوێکانی جیهانی سێهەمدا دروست بووە. نامەکانی لۆسین پای، گابرئێڵ ئەلمۆند، جیمز کۆڵمن، لیئۆنارد بیدر، مایرۆن وێنر، دێویر ئاپتر، هارۆڵد لاسۆل، کارڵ دوویچ، تالکۆت پارسۆنز، ئیدوارد شیلز، جۆزیف لاپاڵمبارا، رۆبێرت وارد، دانکۆرت رۆستۆ، والت ویتمەن رۆستۆ، سیدنی ورپاو دەیان بیردۆزسازیتری کۆمەڵایەتی لەم بارەیەوە دەخرێتە روو، کە لێکۆڵینەوەی ئەزمونی زۆریان دەربارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی- سیاسیو کەلتوریەکانی وڵاتانی رووەو گەشەکردن، بەتایبەتی لەروانگەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، خەڵك ناسیو سیاسیدا ئەنجام داوە تاکو رەوتی گۆڕانکاری لەئەم وڵاتانەدا روونکەنەوە. بەڵام ئەوە کە دەربارەی ئەم هەموو لێکۆڵینەوانە سەبارەت بە پەرەسەندنی سیاسی دەتوانرێ بگوترێ، ئەمە یەکە ((پیشاندەری یەك شێڵەژاوی زمانەوانییە))و لەم شێڵەژاویەش بەولاوە ((وادێتە بەرچاو کە جۆرێ هاودەنگیو رێکەوتنی بەردەوام دەربارەی پەرەسەندنی سیاسی هەیە)).

(لۆسین پای) (Luci an.wpye) دەبێ بە یەکەمین توێژەری دیار بزانرێ کە ((چەمکی (پەرەسەندنی) بە وردی شیکردوەتەوەو دەربارەشی چەند بیردۆزی دەرکردوو کاریگەری حاشاهەڵنەگریشی لەسەر گشت لێکۆڵینەوەکانی پەرەسەندنی سیاسی داناوە)). ئەو کە کاری خۆی لەساڵی ١٩٦٣ دەست پێکردووە، لەگەڵ بەرفراوانی فەرهەنگیشدا، دەربارەی پەرەسەندنی سیاسی لەڕووی قبوڵ کردن، بەیەکەوە پەیوەندکردنو چاکسازی نمونە ـ کۆنەکانی ژیان رووەو پێداویستیە نوێکان بیردەکاتەوە. ئەو جەختی لەسەر ئەمە کرد کە یەکەمین هەنگاو بۆ پەرەسەندنی سیاسی، کامل بوونی رژێمی دەوڵەتە. ئەو پەرەسەندنی سیاسی بە چەمکی بنەڕەتی دەزانێ کە وردەوردە بەسەرتاسەری هەموو کۆمەڵگەکاندا پاڵ رائەکێشێو دەتوانرێ ئەوە بە فەرهەنگی جیهانی بیری لێبکرێتەوە. بە بۆچوونی ئەو نیشانەی پەرەسەندنی سیاسی دەتوانرێ لە سێ جیاوازیدا ببینرێ: لەرووی کۆمەڵەوە بەشێوەیەکی گشتی، لەرووی ئەنجامدانی رێکوپێکی کارە حکومەتیو گشتیەکان، لەرووی رێکخراوی کۆمەڵگە مەدەنیەوە. ئەو دواجار دەربارەی دیدگا جۆراوجۆرەکان بە قبوڵ کردن یان رەتکردنەوەی هەندێ لەمانەی خوارەوە باس دەکات: پەرەسەندنی سیاسی وەك پێش مەرجی پێویستی پەرەسەندنی ئابوری، سیاسەتە سەر مەسقیەکانی کۆمەڵگە پیشەسازیەکان، نوێ سازی سیاسی، کارنامە دەوڵەتی نەتەوەیی، پەرەسەندنی بەرێوەبەریو یاسایی، بزۆزو بەشدرای کردن، بەدیهێنانی دیموکراسی، جێگیربوون یان گۆڕانی رێکوپێکو، بزوتنو دەسەڵات، یەکێ لەلایەنەکانی رەوتی چەند لایەنەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، چەمکێ لەرێزداری نەتەوەیی لەکێشە نێوەنەتەوەییەکان، شتگەلێتر وەك ئەوانە.

خۆشەویستم

بەفراو

خۆشەویستم کە ئەتزانی بۆتۆ ناہم بۆ هاتی
چرای عومرت داگیرسانم بۆ ڕۆشتی
بڕوابکە خۆشەویستیت بۆتە خەیاڵی مێشکی من..
قەت بڕواناکەم دەرچێ بێتەدەر لەدڵی من
خۆشەویستی تۆ بەشێکە لەم ژیانەم
بەڵام سەد ئاخ ئاخیریەکەی دابڕانە
دەوەرەوە بەسە دووری بەسە دووری
بابێتەوە بۆ دڵم سەبووری،
خۆشەویستیت دەرد و ژانە دابڕانە
هەموو کاتێ هەر خەفەتو هەر گریانە
دڵم بەفرە وا هاوینە دەتوێتەوە
تۆ نەهاتی خەمەکانم بڕێتەوە
ڕاستە ژیان تا سەر نییە
بەڵام خۆشەویستی بۆ ئەبەدییە
وەرە با بە ماچێ هەردوکمان بتوێینەوە
لەناویەکدا بۆ ئەبەدی بڕێینەوە
چرای دڵم کوژایەوە
داگیرسانی بەتۆوەیە بەتۆوەیە....

دەروون

جوان و ناشیرین

دونیا

ڕوانین بۆ داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانو هەڵسەنگاندنیان لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەگۆڕێ، مەرج نییە هەر شتێك لەکۆمەڵگەیەك جوان بێت ئەوا لەناو کۆمەڵگایەکی دیکەشدا هەر جوان بێت... ئەو تفو پیسیەی کە لەلای ئێمە زۆرکەس فڕێی ئەدەنە سەر شەقامەکان، لەشوێنێکی دیکە خەڵکی بێزی لێئەکەنەوەو قبوڵی ناکەنو یاسا بەتاوانی دائەنات... کەچی لەهەندێ شوێنی دیکە بەکاری ئەهێنن بۆ دەرپەڕاندنی گیانە شەڕانگێزەکان (ئەرواح شەدیدە) بۆیە ئەگەر کەسێك لەکاتێکا پێویستی بەو تف کردنە هەبێو هاوڕێکەی بۆی نەکات رەنگە دڵی لێی بڕەنجێو تووڕەببێت. ئینجا ئەگەر لەو روانگەیەوە پێوەرێك بۆ جوانیو ناشیرینی شتەکانی ژیان دابنرێ دەرئەکەوێت کە زانستی دەروون ناسی ئەوانەی بەشێوەیەکی رێژەیی داناوە لەشوێنێ بەرزو لەشوێنێ دیکە نزم. بۆ نموونە: بەسەر کردنەوەو بەشداریکردن لەچارەسەری کێشەی دۆستو ناسیاوەکان لەلای زۆرینەی خەڵك پیاوەتییەو کەسێتی بەهێز ئەکات، بە پێچەوانەوە لەلای هەندێکی دیکە ئەوە سیفەتی کۆمەڵگە کۆنەکانەو لەخزمەتی کۆمەڵگای مەدەنی دانییە، بەشێوەیەکی گشتی ژیان هەمووی نموونەیە لەسەر رێژەیی جوانیو ناشیرینی، مافەکانی ژنان، جلوبەرگ، دیینو دەوڵەت، سیستەمی پەروەردە، کاری سیاسیو حزبی... هتد. لەهەموو ئەوانەدا جوانیو ناشرینی هەیە، بەڵام بە جیاوازی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەوە. لەکۆتایدا زۆرینەی خەڵك بەوانە دەڵێن جوان کە خزمەتی زۆرینە بێت، چاو لێکردنو لاسایی کردنەوەش ئەگەر هەستی زۆرینە بریندار بکات جوانی تیا نامێنێ تەنانەت ئەگەر تازەترین گۆڕانکارییەکانی سەردەمو عەولەمەش کاریگەرییان هەبێ لەسەریان، مەرجیشە هەر شتێك زۆرینە رەفزی بکات ئیتر ناشرین بێت، چونکە گوێ نەدان بەراستیەکانی پێشکەوتنی ژیان بۆخۆی زیانێکی گەورە لەمرۆڤو مرۆڤایەتی ئەدات ئەو پیاوەی کە پێیوابوو خوێندنی کچان بێ مانایەو هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر کچەکەی تووشی هەر نەخۆشییەکی ژنانە بێت مەجبوورە یان لای دکتۆری پیاوان چارەسەری بکات، یان ئەبێ دان بەو راستیەدا بنێ کە نێرومێ پێویستە لەهەموو بوارەکاندا پێکەوە کاربکەن ئیتر جوانە یان ناشرین ئەوە سیروانەو هاتووە لێشی نەدەیت هەر دەتبات.